# گەشتێك بە جیهانی پەرتوكێكی بەناوبانگدا

**بەشی دووەم**

**بژار**

**ئەنگلس لە لاپەڕە 128دا دەڵێت : ( دیموكراسییەتی خۆڕسك و سەرەتایی , بوو بە ئۆروستۆكراتییەتی ئێسك گران ) . وە هەر لە لاپەڕە 128دا**
**دەڵێت : ( دامەزراوە خێڵایەتییەكان ڕۆژگاری خۆیان بەسەربرد , دابەش بوونی كار و ئەنجامەكەی كە دابەش بوونی كۆمەڵگایە بە سەر چینەكاندا**
**تێكوپێكی شكاند و دەوڵەت جێگای گرتەوە ) . وە لە لاپەڕە 82دا دەڵێت : ( لە هەمان كاتیشدا جیاوازی لە موڵكداری گەشەی دەكرد و لەگەڵیدا توخمی ئۆروستۆكراتی لە نێو دیموكراسییەتی كۆنی بە سروشت گەشە كردوو ) . ئەنگلس پێش هەموو شتێك بە سەر ئەوەدا تێدەپەڕێت كە دیموكراسییەت و ئۆروستۆكراتی و دەوڵەت و چینەكان و بەرهەم و كۆمەڵگا , هەر هەموویان , دەستكردی مرۆڤەكانن . مرۆڤەكانیش بۆخۆیان تاكی سەربەخۆن و جیاوازییەكانی نێوانیشیان هەرگیز بە تەواوی و لە هەموو ڕوویەكەوە تیانابرێت . كارێكی زۆر پێچەوانەیە كە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ , لە كۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمەكانیەوە دەست پێبكەین و هەر لە دووتوێی كۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمەكانیشیەوە بگەینە كۆتایی تێگەیشتنەكانمان . دابەش كردنی مرۆڤەكان بە سەر چینەكاندا لە پۆلێن كردنی ئاژەڵ و باڵندە و ووردە گیانەوەرەكان دەچن . جیهانی ناوەوەی مرۆڤ " بەشە بوونییە ناوەكییەكانی " پەیوەست كراوە بە دابەش بوونە چینایەتییەكەیەوە . واتە خواستە دەروونییەكان و عەقڵ و خەیاڵ و هەستەكانی مرۆڤەكانی هەر چینێك یەكانگیر كراوە لەگەڵ خەبات و بەرژەوەندی و ئامانجەكانی ئەو چینە . مرۆڤەكانی كۆمەڵگا بە شێوەیەكی عەقڵ سالارانە لە لایەن ماركسیزمەوە ڕاپێچ كراونەتە ژێر دابەش بوونی چینایەتییانەوە . وە جیهانی ناوەوەی مرۆڤەكان دەبێت لە جەرگەی پەیوەندییە چینایەتییەكانیانەوە بە پرۆسەی گەلاڵەبووندا بڕۆن . بە پێی ئەم دابەش بوونە چینایەتییانە , مرۆڤەكان جیادەكرێنەوە و پۆلێن دەكرێن . لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ یەك جۆر مرۆڤدا بەرەوڕوو ببین كە مرۆڤە , لەگەڵ چەند جۆر ڕەگەزی مرۆڤدا بەرەوڕوو دەبین كە جیاوازییەكانیان هەتا بێت زیاتر دەبێت . جیاوازییەكانی ئەم مرۆڤانە لەگەڵ یەكتریدا لە جیاوازییەكانی مرۆڤی جاوە و نیاندەرتاڵ و مرۆڤی ئاسایی زیاترە . ئەوەی كە ماركسیزم ناچێتە ناویەوە , جیهانی ناوەوەی مرۆڤە . وە ئەوەشی یەكرەنگیی مرۆڤەكان " یەكرەنگیی لە مرۆیی بووندا " پیشان ئەدات , جیهانی ناوەوەیانە . مەسەلەكە هەبوون و كەتوار " واقیع " ی بوونی چینەكان نییە لە كۆمەڵگادا , بەڵكو پاشكۆ بوونی یەكێك لە چینەكان و مرۆڤەكانە بۆ ئەوی تریان . بە پێی چەمكی ماركسیزم مرۆڤەكان پاشكۆن بۆ چینەكان . وەكو ئەوەی مرۆڤەكان لە لایەن چینەكانەوە بێنە بەرهەم . ماركسیزم پێش ئەوەی مرۆڤ بكات بە كۆیلەی پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان كە كالا حاڵەتی بەرجەستەكراویەتی , دەزگای فكریی خۆی كردووە بە كۆیلەی ئەو پەیوەندییانە . ماركسیزم چەوساندنەوەی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە دابەش بوونی كۆمەڵگاوە بە سەر چینەكاندا . ئەم بیرۆكەیە لە دوو لاوە خاوەنی دوو هەڵەی زەقە .یەكێكیان ئەوەیە كە دابەش بوونی كۆمەڵگا بە سەر چینەكاندا , بە بەراوورد بە مێژووی مرۆڤەوە تازەیە , ئەوی دیكەشیان وەلانانی تاكایەتی مرۆڤ و بەشە بوونییە ناوەكییەكانی " جیهانی ناوەوە " و پرۆسەی مێژوویی گەشە كردنیانە . ئەنگلس كە باسی گۆڕانی دیموكراسی خۆڕسك و سەرەتایی دەكات بۆ ئۆروستۆكراتی ئێسكگران , میتۆدەكەی ڕێگا بەو شیكردنەوەیە نادات , كە بۆ دۆستەكانی دوێنێ لە دیموكراسی سەرەتاییدا , بوون بە دوژمنی یەك , لە هاتنە دەرەوەی ئۆروستۆكراتی ئێسكگراندا ؟. ئەنگلس ئەم ڕەوشە " وەزعە " دەبەستێتەوە بە گەشە كردنی موڵكایەتییەوە . ئەمە لە كاتێكدایە كە ناپرسێت گەشە كردنی موڵكایەتی بۆچی ڕوویدا ؟ ئەی پێشتر بۆچی مرۆڤەكان پێویستییان بەم گەشە كردنەی موڵكایەتی نەبوو ؟ ئەنگلس لە دەرەوەی مرۆڤەكانەوە كێشەكانی مرۆڤ دەبینێت . لە پەیوەندییەكانیانەوە " لەوەش كەمتر لە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانەوە " گرفتەكانیان و چارەسەرەكانیان دەبینێت . مرۆڤەكان هەر هەموویان كۆمەڵێك**

جەستەی شەکەت و ڕاکێشراوون بە دوای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کالاوە . مێژووی ململانێی مرۆڤەکان بە پێی مێژووی بەرهەمهێنانیان دیاری دەکرێت . هەموو کێشمەکێشەکانی مرۆڤ لە بەردەم کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا , هێندە بچوکن کە ناخوێندرێنەوە . لەگەڵ ئەوەدا کە کێشمەکێشە چینایەتییەکان لە باری مێژووییەوە تازەن , کەچی بە مێژووی لەوەوپێشی مرۆڤەکانەوە نابەسترێنەوە , بەڵکو بە زیادەی بەرهەم و هاتنە ناوەوەی کالاوە دەبەسترێنەوە . یانی کێشمەکێشە چینایەتییەکان جگە لەوەی کە بە مێژووی لەوەوپێشی کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانەوە پەیوەست نابێتەوە , لە هەمان کاتیشدا هەموو تاکێك لە کۆمەڵگادا لە ئامڕازێکی بێ ویستەگی " لائیرادی " زیاتر لە بەرانبەریدا , شتێکی دیکە نییە . مرۆڤی تاك بەو مانایە بوون و سەربەخۆیی و ویستەگی خۆی دەپارێزێ و دەبیاتە پێشەوە کە لە جەرگەی کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا و بە هەڵسووڕان تیایاندا , جێگاوڕێگایەکی هەبێت . ئەم میتۆدە کە تاك و ئازادییەکانی بە فەرمی ناناسێت , ناتوانێت ڕزگار بوونی مرۆڤایەتیش بە فەرمی بناسێت . داسەپاندنی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریەتی و عەقڵسالاری , بە واتای بە فەرمی نەناسینی مرۆڤایەتی دێت . مارکسیزم چونکە نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریەتی و عەقڵسالاری وەلانانێت , یانی بە هیچ شێوەیەك نایەوێت لە جەوهەردا خۆی لە هێزە کۆنە پەرستەکانی دنیا جیا بکاتەوە .

وە بە هیچ شێوەیەك نایەوێت سەرمایەداری تیاببات .ئەوەی کە مارکسیزم دەتوانێت بە ئەنجامی بگەیەنێت جێگۆڕکێیە بە نوێنەران , بە دەسەڵاتداران , بە عەقڵسالاران , بە سەرمایەداران . شێوەیەکی سەرمایەداری لادەبات کە بازاڕی ئازادە , لە جێگەیدا شێوەیەکی دیکەی سەرمایەداری دادەنێتەوە کە سەرمایەداری دەوڵەتی یان سەرمایەداری موتوربەکراو یان هەر جۆرێکی دیکەی سەرمایەداری کە لەمەودوا بێتە خانەی داهێنانەوە . تیابردنی سەرمایەداری بە تیابردنی ئەو سیستمانە دەبێت کە سەرمایەدارییان بەرهەمهێناوە , ئەو سیستمانەش بێگومان نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریێتی و عەقڵسالارین . مارکسیستەکان ئەگەر بیانەوێت خۆیان لە هێزە کۆنەپەرستەکانی جیهان جیابکەنەوە , دەتوانن بە بەرز کردنەوە و پراکتیك کردنی دروشمی " یەکسانی لە دەسەڵاتدا " بە ئەنجام بگەن . ئەگەر ئەوان یەکسانییان لە نێوان ژن و پیاودا دەوێت و پەیگیرن لە سەری , با داوای یەکسانی دەسەلات بکەن لە نێوانیاندا . بۆ کۆمۆنیستەکان بە هیچ شێوەیەك بە لای یەکسانی لە دەسەڵاتدا ناچن ؟ زۆر بە سادەیی هۆکەی ئەوەیە کە لە مەبدەئی ڕابەرەکانیان دەدرێت . من زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم : یەکەم مەبدەئی ڕابەرە کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتە . ئەوان مەبدەئەکەیان دەسەڵاتی چینایەتی کرێکاران و حوکومەتی کرێکاری نییە , بەڵکو لە دووتوێی دەسەڵاتی حزبییەوە , مەبدەئەکەیان دەسەڵاتی تاکایەتی خۆیانە . بەڵام ئایا مارکس و ئەنگلس ئەمەیان ویست و بانگەشەیان بۆ ئەم دەسەڵاتە تاکایەتییە کرد ؟ زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم , نەخێر. ئەوان ئەمەیان نەویست و هەرگیز بانگەشەیان بۆ دەسەڵاتی تاکایەتی نەکرد , هەر بۆیە ڕابەرە کۆمۆنیستەکان هەر هەموویان دەکەونە خانەی ناکۆکییەوە لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی مارکسیزمدا . من لێرەدا پاکانە بۆ ڕاست و دروست بوونی ڕێگای خەباتی مرۆڤ پەروەرانەی مارکسییانە ناکەم و بە هیچ شێوەیەك بە فەرمی وەکو خەباتی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی نایناسم , بەڵام بەرگری لە هەستی مرۆڤ پەروەرانەی مارکس و ئەنگلس و ئامانجەکەیان دەکەم کە ڕزگار بوونی مرۆڤایەتییە . من لە پێشدا باسم لەوە کرد کە دیمۆکراسی خێڵایەتی وە یان سروشتی , سەرەتای تراژیدیای مرۆڤایەتی بوو , چونکە دیمۆکراسی سروشتی بە مانای کۆمەڵایەتی بوونەوەی دەسەڵات و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاری و داسەپاندنیان بوو . ئەوانەش بێگومان بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی لەوەوپێش بوو . ئەو پرۆسە مێژووییەش پەرەسەندنی وورده ووردەی خاوەنداریەتی و دەسەلاتخوازی لە لایەك و گەشە کردنی بەردەوامییانەی عەقڵ و کۆششی لە بن نەهاتووی بوو بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونی لە خەیاڵ . ئەڵبەتە سادەیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش , فاکتەرێکی دیکە بوو لەو مەیدانەدا . دروست بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە , دەرگا کردنەوەی کۆمەڵایەتییانە بوو بە ڕووی خواستەکانی دەسەلاتخوازی و خاوەنداریەتیدا .

پرۆسەی چوونە پێشەوەی ئەم دەسەلاتخوازی و خاوەنداریەتییە بوو لە مرۆڤەکاندا , کە بە یارمەتی چوونە پێشەوەی عەقڵ و ئاڵۆز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆیشیان ( هەرچەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیمۆکراسی سروشتی , پەیوەندیگەلێکی سادە بوون , بەڵام بە بەراوورد بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆی , ئاڵۆز بوون . وە هەتا بە

پەیژەی مێژوودا سەربکەوین , پەیوەندییەکان سادە و سادتر دەبن و هەتا پیاشیدا بچینە خوارەوە , پەیوەندییەکان ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەبن . ) , دیمۆکراسی سروشتی هاتە بەرهەم . وە لە درێژەی گەشە کردنی ئەو فاکتەرانەدا بوو کە ئۆروستۆکراتی ئێسکگران جێگای بە دیمۆکراسی چۆڵ کرد . پەیدا بونی کۆمەڵەیەکی ئۆروستۆکراتی " موڵکدار و دەسەڵاتدار " لە ناو دیمۆکراسی سروشتیدا , بەرئەنجامی چوونە پێشەوەی عەقڵ و دەسەڵاتخوازی و خاوەنداریەتی بوو , نەك بەرئەنجامی چوونە پێشەوەی بەرهەمهێنان بووبێت . چوونە پێشەوەی بەرهەمهێنانیش بۆ خۆی بەرئەنجامی ئەو سیانە بوون " واتە عەقڵ و دەسەڵاتخوازی و خاوەنداریەتی " . ڕۆڵی زیاد بوونی بەرهەم و کاردانەوەکەی بۆ بردنە پێشەوەی خاوەنداریێتییە , ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە عەقڵ و خەیاڵیش لە گەڵیدا , چالاکانە بەشداریی سەرومڕیان هەیە و خۆشیان بە بەردەوامی لە گەشەسەندندا دەبن .

پەیدا بوونی کۆمەڵگای چینایەتیش بە پەیوەند بەم دەسەڵاتخوازی و خاوەنداریەتییەوە لێك دەدرێتەوە , نەك بە پەیوەند بە کەڵەکە بوونی بەرهەم و گۆڕانی بۆ کاڵا و زیاد بوونی بەردەوامییانەی ئەو کاڵایە .

بەشە بوونیە ناوەکییەکانی مرۆڤ " خواستە دەروونییەکان و عەقڵ و خەیاڵ و هەستەکان و .....هتد " , هیچیان لە بناغەدا کۆمەڵایەتی نین , بەڵکو هەموویان ڕێك بە ڕێك تاکایەتین . ئەم بەشە بوونییە ناوەکییانە , نە کۆمەڵایەتییانە لە دایك بوون و نە کۆمەڵایەتین و نە کۆمەڵایەتیش دەبن . هەموو هەڵسووڕانێکی کۆمەڵایەتییانەی ئەم بەشە بوونییە ناوەکییانە , بە پەیوەست بە تاکایەتی بوونیانەوە , ئەنجام دەدرێت . لە سەر بناغەی لاکردنەوە بە لای تاکایەتی بوونیاندا , لا دەکەنەوە بە لای کۆمەڵایەتی بووندا . ئەو کەسانەی کە لە خەباتی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە ناو کۆمەڵگاکانی سەر ئەم زەویەدا و لە پرۆسەی دوورودرێژی مێژوویيدا , کە بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی هەوڵیان داوە ,, قوربانییان بە تاکایەتیەتی بەشە بوونیە ناوەکییەکانی خۆیان نەداوە . هەموو قوربانی دانێکیان بە خۆیان یان بە هەندێك لە خواستەکانیان , بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووبێت یان بە ناڕاستەوخۆ , لە پێناوی خۆویستنیاندا بووە . بەشە بوونیە ناوەکییەکانی هەر مرۆڤێك بگریت , بە دەوری خۆویستنی ئەو مرۆڤەدا تەوەرە دەبەستێت . بە دەرچوون لەو خۆویستنە و گەڕانەوە بۆی , چالاکییەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت . کەسێکی مرۆڤ کوژ و کەسێکی مرۆڤ پەروەر , هەمان یاسا بە سەر بەشە بوونیە ناوەکییەکانیاندا زاڵە . واتە هەردووکیان بە شوێن وەڵامدانەوە بە خۆویستنەکانی خۆیانەوەن . هەردووکیان وەکو یەك بەشە بوونیە ناوەکییەکانیان تاکایەتین . هەردووکیان هەوڵی هاتنەدی خواستە دەروونییەکانیان دەدەن . ئەوەی کە ئەویان دەکات بە مرۆڤ کوژ و ئەمیان دەکات بە مرۆڤ پەروەر , جیاوازی ڕێگرتنە بەریانە بۆ هێنانەدی خواستە دەروونییەکانیان . گرفتی بنچینەیی بۆ تاوان کردنی مرۆڤ کوژەکە لەویادایە کە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتییانە بۆ هاتنەدی خواستە دەروونییەکانی فەراهەم نەکراوە . کۆمەڵگا بە جۆرێك ڕێکخراوە " ئۆرگەنایز کراوە , دامەزراوە " , کە وەڵامی پۆزەتیڤانە بە خۆویستنەکەی ئەو ناداتەوە . سەبارەت بە مرۆڤ پەروەرەکەش هەمان شتە . بەڵام مرۆڤ کوژەکە , ڕێگای ڕزگار بوونی خۆی لە زەوت کردنی ڕزگار بوون و تەنانەت زەوت کردنی ژیانی ئەوانی تردا دەبینێتەوە و مرۆڤ پەروەرەکەش بە پێچەوانەوە , ڕێگای ڕزگار بوونی خۆی لە ڕزگار بوونی ئەوانی تردا دەبینێتەوە . لە جەوهەردا بیر کردنەوەی هەردوو مرۆڤەکە " مرۆڤ کوژەکە و مرۆڤ پەروەرەکە " تاکایەتین , بەڵام ئەمیان " مرۆڤ کوژەکە " تاکایەتییەکەی بە زەبروزەنگ و کوشتنی خەڵك دادەسەپێنێ و ئەویشیان " مرۆڤ پەروەرەکە " تاکایەتییەکەی لە ڕیزی تاکایەتییەکانی دیکەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا و بە پەیوەست بەوانەوە دەباتە پێشەوە . ئەڵبەتە بەو ڕادەیەی مرۆڤ تاکایەتییەکەی بە پەیوەست بە تاکایەتی مرۆڤەکانی دیکەوە و لە پەیوەندییەکی چوونیەکانەدا دەباتە پێشەوە , بەو ڕادەیە مرۆڤ پەروەرە " واتە مرۆییانە بیرکردنەوەی کردەیی دەکاتەوە " . ( ئەم بابەتە لقوپۆپی زۆر لێ دەبێتەوە , لەم نوسینەدا ئەو دەرفەتە ناڕەخسێ , تا بچمە ناو درێژە پێدانیەوە ) .

کۆمەڵایەتی بوون بەرئەنجامی بردنە پێشەوەی ململانێی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا . کۆمەڵایەتی بوون , دروست بوونی پەیوەندی هەر تاکێکە بە تاکەکانی دیکەوە . یەکگرتنی مرۆڤەکان و ئاڵوگۆڕ کردنی توانایانە لە پێناوی خۆیاندا . خزمەت

کردنی کۆی تاکەکانە بە هەر تاکێك , نەك بە پێچەوانەوە . دروست کردنی هەلومەجێکی لەبارە , , بۆ وەلامدانەوەی هەمەلایەنە و پۆزەتیڤانەی بەردەوام بە دنیای تاکایەتی . کۆمەلایەتی بوون , ئاوەلا کردنی دەرگای سەروەرییە بە ڕووی تاکایەتیدا . بە کورتییەکەی , فەلسەفەی کۆمەلایەتی بوون لە بناغەدا خزمەت کردنە بە تاك . تاك بۆ ئەوە کۆمەلایەتی نابێتەوە , خزمەت بە کۆمەڵ بکات . خزمەت کردن بە کۆمەڵ لە باری کردەییەوە , کەتواری " واقعی " نابێتەوە . بۆیە کەتواری نابێتەوە , چونکە لە باری تیۆرییەوە , سەرتاپا هەڵەیە . خزمەت کردن بە کۆمەڵ لە کاتێکدا دروستە , کە هەر تاکێك لە شوێنی خۆیەوە بتوانێت خزمەت بە هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگا بکات بە بێجیاوازی . کەتوار بوونەوەی ئەم حاڵەتەش لە خەیاڵێکی پڕوپووچ زیاتر شتێکی دیکە نییە . تەنیا ڕێگایەك کە هەیە و بۆ ئەم بیرۆکەی خزمەت کردنە بە کۆمەڵ پێشنیار دەکرێت , نوێنەرایەتییە . نوێنەرایەتی کردن ئیتر بە واتای ململانێی کۆمەلایەتی دێت . بە واتای تالأن کردنی دەسەلاتی تاکایەتی دێت . بە واتای چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دێت . بە واتای داسەپاندنی عەقڵی کەمینە بە سەر زۆرینەدا دێت . لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا بە واتای وورده ووردەی بە سیستم بوونی خودی نوێنەرایەتی و دەسەلات و عەقڵ دێت . بە واتای دروست بوونی تاکی تایبەت و دروست بوونی ناوەند " سەنتەر " ی کۆمەلایەتی دێت . بە پەیدابوونی تاکی تایبەت , نوێنەرایەتی کردنی خود بۆ خود , لە پرۆسەیەکی مێژووییدا , دەبێت بە ئەفسانە . نوێنەرایەتی گشت جێگەی هەموو نوێنەرایەتییەکی خودبۆخود دەگرێتەوە . بە چوونە پێشەوە و سەقامگیر بوونی مێژووییانەی نوێنەرایەتی گشت , شەڕە کۆمەلایەتییەکانیش بۆ بە دەست هێنانی ئەو نوێنەرایەتییە , لە هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگا بچوك و گەورەکاندا , دەست پێدەکات . بیرە فەلسەفییەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەو ڕەوشە " وەزعە " کۆمەلایەتییانە لە دایك دەبن . چالاکییەکانی مرۆڤ بە هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ دۆستان و دژایەتی کردنی دوژمنان , کاروبارەکانی ڕۆژانەیان و ململانێیان لەگەڵ سروشتدا بەسەر دەبەن . نوێنەرایەتی گشت کە لە لایەن تاکە تایبەتەکانەوە دەکرێت , هەمیشە ئاراستەی ڕۆیشتنی , پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتنی نوێنەرایەتی " خود " ە کە لە لایەن تاکە هەموانییەکانەوە دەکرێت . نوێنەرایەتی گشت " تاکی تایبەت " هەرگیز لەگەڵ نوێنەرایەتی خود " تاکی هەموانی " دا نایەتەوە . نوێنەرایەتی گشت , تالأنکەری نوێنەرایەتی خودە . واتە تاکی تایبەت , تالأنکەری تاکی هەموانی یە . چەند نوێنەرایەتی گشت , ئاستەکەی بەرز ببێتەوە ,, نوێنەرایەتی خود , ئەوەندە ئاستەکەی نزم دەبێتەوە . هەمیشە بەو بڕەی تاکی تایبەت بەهێزە , بەو بڕە تاکی هەموانی بێهێزە . چارەسەر کردنی کێشەی مرۆڤایەتی , لە سەر وەلانانی نوێنەرایەتی گشت " تاکی تایبەت " ڕاوەستاوە . ئەگەر لە دیمۆکراسی خێلأیەتیدا " دیمۆکراسی سروشتی وەیان خۆڕسك " , سەرۆکی خێڵ " نوێنەری گشت " و دوای ئەویش پلەوپایەکانی دیکە نەبوونایە , کە لە زنجیرە مەراتبێکی سادەدا دابەش دەبوون , ئەوا ئۆروستۆکراتیەتیش " ئەنگلس واتەنی ئۆروستۆکراتیەتی ئێسکگران " پەیدا نەدەبوو . چۆن لە پرۆسەیەکی مێژووییدا خێڵ و سیستمە دیمۆکراسییە سادەکەی پەیدا دەبن , هەر لە درێژکراوە و هاتنی ئەو پرۆسەیەدا هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ , ئەو هەموو شێوە جۆربەجۆرانەی فەرمانڕوایی دەبوایە پەیدا ببوونایە . نەك هەر ئەوەندە , ئەگەر مرۆڤایەتی چارەسەرێك بۆ وەلانانی تاکی تایبەت نەدۆزێتەوە , کۆمەڵگاکان هەر ئاوا مەیدانی چەوساندنەوە و کوشتارگای مرۆڤەکان دەبن . ئەنگلس کە دەڵێت : " دامەزراوە خێلأیەتییەکان ڕۆژگاری خۆیان بەسەر برد , دابەش بوونی کار و ئەنجامەکەی کە دابەش بوونی کۆمەڵگایە بەسەر چینەکاندا , تێکوپێکی شکاند و دەوڵەت جێگای گرتەوە " کۆمەڵێك پرسیار دێنێتە پێشەوە و وەلامدانەوەش پێیان گرنگە . دامەزراوە خێلأیەتییەکان بۆ ڕۆژگاری خۆیان بەسەر برد ؟ ئەگەر بەرئەنجامی کار و دابەش بوونی کار بوون , ئەی بۆ کاتی خۆی دروست بوون ؟ ڕاڤەی دروست بوونی کۆمەڵگا خێلأیەتییەکان بە پەیوەند بە " کار " ەوە چییە ؟ ئەگەر دامەزراوە خێلأیەتییەکان بەرئەنجامی کار نەبوون , ئەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوە خێلأیەتییانە و لەگەڵێشیاندا مێژووی مرۆڤایەتی هەتاکو ئێستا و بۆ داهاتووش , هەر بە پەیوەند بە کارەوە لێك دراوەتەوە و لێك دەدرێتەوە " واتە لە لایەن مارکس و ئەنگلس و هەموو کۆمۆنیستەکانەوە " ؟ ئەگەر کار و بەرئەنجامەکەی , کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت دەهێنن , ئەی سەرچاوەی هاتنی کار چییە ؟ بەدەر لە هەموو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا , خودی کار سوود بەخشە یان زیان بەخشە

بۆ مرۆڤ ؟ ئەگەر کار و ئەنجامەکەی کە بەرهەمە , سوودبەخش بن بۆ مرۆڤەکان لە سەرانسەری دنیادا , ئیتر بۆ دەبێت بە پەیوەند بەم دیاردە سوود بەخشەوە , ڕاڤەی هەموو چەوساندنەوە و کوشتنوبڕینەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکرێت ؟ بۆ نابێت لە مرۆڤ خۆیەوە ڕاڤەی چەوساندنەوەکان بکرێت , نەك لە بەرهەمەکەیەوە کە دیاردەیەکی سوود بەخشە ؟ ئەم پرسیارانە و گەلێکی تریش ئامادەن ڕێچکە ببەستن " لە ڕیزدا بوەستن " , بەلاَم دەرفەت بە وەلاَمی ئەم هەموو پرسیارە لەم باسەدا نارەخسێت .

چەوساندنەوە , بەرهەمی ڕێکخستنی کۆمەڵگایە ( کۆمەڵگا چ بە مانای فۆرمە هەرە سادەکەی کە مرۆڤەکان بە شێوەی گرووپی بچووك بچووك چوونەتە پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا , وە چ بە مانا ئاڵۆزییەکەی کە لە سەردەمی دیمۆکراسی خێلاَیەتییەوە هەتا ئەمڕۆ بە ڕێگای چڕ بوونەوەی ئەو ئاڵۆزییەدا هاتووە ) . بەرهەمی گەشە سەندنی عەقڵە . بەرهەمی زەمینە سازکردنی کۆمەلاَیەتییانەیە , بۆ ململانێ لەگەڵ سروشتدا . بەرهەمی چوونە پێشەوەی خاوەنداریەتی و دەسەلاَتخوازییە . بەرهەمی بەرگری کردنە لە شتە هاوبەشەکان . بەرهەمی پەیدابوونی تاکی تایبەتە . فۆرمەکانی سیستمی نوێنەرایەتی هەر لە دیمۆکراسی خێلاَیەتییەوە هەتا حوکمەتی کرێکاری , فۆرمەکانی سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤن . ئەم فۆرمانەی سیستمی نوێنەرایەتی , هەر هەموویان , لە ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا زیاتر شتێکی دیکە نەبوون و نین .

چەوساندنەوەی چینایەتی بەرهەمی مێژوویی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە خاڵێکی دیاریکراودا . واتە چەوساندنەوەی چینایەتی خاڵی وەچەرخانی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە ڕێڕەوی پەرەسەندنە مێژووییەکەیدا . چەوساندنەوەی چینایەتی ئەگەر درێژکراوەی مێژوویەکی لەوەو پێشتری چەویاندنەوە نەبێت , ناکرێت لە سەر بناغەی دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتی کە کالاَیە یان کار و ئەنجامەکەیەتی و مرۆڤ خۆی خاوەندیەتی , دروست ببێت . چەوساندنەوە لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا , بە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێشیەوە , یەکەیەکی دانەبڕاوە .

دەوڵەت بەرهەمی دابەش بوونی کۆمەڵگا نییە بەسەر چینەکاندا , بەڵکو ئامرازی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگایە . ئەمیش " واتە دەوڵەت " درێژکراوەی لەوەو پێشی فەرمانداریی کردنە . خاڵێکی وەرچەرخانە لە پرۆسەی مێژوویی سیستمی نوێنەرایەتیدا . دەوڵەت بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراوە لە ئاڵۆز بوونی پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکاندا . پەیوەستە بە گەشەسەندنی عەقڵ و خاوەنداریەتی و دەسەلاَتخوازییەوە . بەرهەمی تالاَن کردنی ڕوو لە سەری دەسەلاَتە تاکایەتییەکانە . بەرهەمی هەڵگرتنی هەرچی زیاتری ئازادییەکانە . بەرهەمی پرۆسەی داسەپاندنی عەقڵسالارییە . بەرهەمی چوونە پێشەوەی سیستمی نوێنەرایەتییە . بەرهەمی دەسەلاَتداریەتی سیستیماتیکانەی تاکە تایبەتەکانە . بەرهەمی کلۆم کردنی دەرگا کۆمەلاَیەتییەکانە بە ڕووی هەڵسووڕانە تاکایەتییەکاندا . بەرهەمی ڕێگرتنی کۆمەلاَیەتییانەیە لە پەرەسەندنی تاکایەتییانەی عەقڵ . بەرهەمی داسەپاندنی زۆرەملێیانەی بەرژەوەندی گشتییە . دەوڵەت ئامرازی سیستیماتیکانەی تاکە تایبەتەکانە بۆ چەوساندنەوەی تاکە هەموانییەکان . دەڵەت ئامرازی یاسایی کردنەوەی چەوساندنەوەیە .

چینەکان و چەوساندنەوەی چینایەتی و دەوڵەتیش لەگەڵیاندا , بەرهەمی کار و ئەنجامەکەی نەبوون , بەڵکو بەرهەمی گەشەسەندنی تاکە تایبەتەکان و تالاَنییەکانیان و یەکخستنی ڕیزەکانیان بوون . ئەڵبەتە تاکە تایبەتەکان , زیاتر تاکایەتی و کۆمەلاَیەتیشن لە تاکە هەموانییەکان . گرفتی تیۆری و کردەیی تاکە هەموانییەکان لێرەدایە . واتە تاکە هەموانییەکان نە ڕێگای بەرگری کردنی هەمەلایەنەی تەواو لە تاکایەتییەکانیان دەگرنەبەر و نە مشتومالێشیان دەکەن . ئەمە لە لایەك , وە لە لایەکی تریشەوە , پێداگر نین لەسەر دەستەبەر کردنی هەلومەرجێکی لەباری " سازاوی " کۆمەلاَیەتی و گەشە پێدانی چالاکییە کۆمەلاَیەتییەکانیان . تاکی هەموانی تەنیا لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و شۆڕشەکاندا تاکایەتی و کۆمەلاَیەتی بوونی خۆی لە یەکتری گرێ دەدات و ئاستی پراکتیك کردنیان بە برێکی بەرچاو دەباتە سەر . لە سەردەمی ئەمڕۆماندا و لە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕشە جەماوەری و کرێکارییەکاندا , کۆمۆنیستەکان کە بەشێکی بەرچاو لە تاکە تایبەتەکانی کۆمەڵگا پێکدەهێنن , وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی ئەم تاکە تایبەتانە , هێزی تێکشکێنەر و مایەپووچ کردنی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەن . کۆمۆنیستەکان لە لیبراڵەکان زیاتر جەنگ بە دژی تاکایەتی بوونی تاکە هەموانییەکان

بەرپا دەکەن . وە لە لیبراڵەکان زیاتر , چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە هەموانییەکان بەرتەسك دەکەنەوە . کۆمۆنیستەکان بە جۆرێك هەڵسووڕانە تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی تاکە هەموانییەکان لە قاڵب دەدەن , کە هەتا بۆیان بکرێت ناهێڵن لە چوارچێوەی بەرنامەڕێژی ئەوان دەربچن . گرفتی سەرەکی جەماوەری کرێکاران و کۆمەڵانی دیکەی خەڵك لە بەرانبەر ئەم بزاوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا " واتە کۆمۆنیستەکان " لە بێئاگایی و ناچارییانەوە , سەرچاوە دەگرێت . واتە بێ ئاگایی لە بنبەست بوونی فەلسەفەی مارکسیزم و ناچارییش لە نەبوونی بریکارێکی " بەدیلێکی " شۆڕشگێڕانەی دیکەی فەلسەفی . بێ ئاگایی لەوەی کە کۆمۆنیستەکان نەك لە باری کردەییەوە , بەڵکو لە باری تیۆریشەوە ناتوانن سۆشیالیزمی ڕاگوزار ڕۆشن بکەنەوە و چۆنیەتی گوێزانەوەی بۆ کۆمۆنیزم دیاری بکەن . ناچارییش لەوەی کە نازانن ڕا پەڕین و شۆڕشەکانی خۆیان , بەدەر لە هانا بردن بۆ کۆمۆنیستەکان , بۆ کوێ بەرن . ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , ئەمڕۆ ئیتر بریکارێکی شۆڕشگێڕانەی دیکەی پێویستە . بریکارێك " بەدیلێك " ی وای پێویستە کە ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە ئاقاری نەهێشتنی دەسەڵاتداریەتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاریدا ببات . نەبوونی بریکارێکی شۆڕشگێڕانە لە گۆڕەپانە سیاسی و کۆمولایەتییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکانی جیهاندا , لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە . هاتنە دەرەوەی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەش لە لایەنێکیدا لە هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزمەوە دەست پێدەکات . هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزم , بە مانای خستنە ڕووی کەموکوڕییەکانیەتی . بە مانای وورد بوونەوە و تێگەیشتنە لە قەتیسمان و بێ ئاسۆییەکەی . بە مانای وێنا " تەسەوور " کردنی گیانە ڕیفۆرمیستانەکەیەتی . بە مانای لێدان لە پیرۆز کردنیەتی .بە مانای جیاکردنەوەیەتی لە هێزە کۆنەپەرستەکان . لە دوایین لێکدانەوەدا بە مانای تازە کردنەوە و دەوڵەمەند کردنیەتی . مارکسیزم لە نیوەی ڕێگادا وەستاوە . چەقی بەستووە . پەکی کەوتووە . تا ئێستا ئەو ڕێگایەی نەدۆزیوەتەوە کە لێیەوە دەڕوات بۆ کۆمۆنیزم . مارکسیزم ئیتر زانستی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی نییە . زانستی گەیشتن بە کۆمەڵگای بێ چەوساندنەوە نییە . زانستی هێنانەدی ئاواتە دێرینەکانی مرۆڤایەتی نییە . زانستی پیادە کردنی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان نییە . زانستی بە ئەنجام گەیاندنی خەباتی چینایەتی نییە ( بە ئەنجام گەیاندنی خەباتی چینایەتی لەدوایین لێکدانەوەدا بە واتای نەهێشتنی چینەکان دێت لە مارکسیزمدا ) . زانستی گەیشتن بە ئامانجە مرۆییەکانی خودی مارکس نییە . مارکسیزم سالانێکی دوورودرێژە , بەشدارێکی پەیگیری کێبەرکێ " مونافەسە " سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە بۆ فڕاندنی دەسەڵات . سالانێکی دوورودرێژە , جێگۆڕکێ چینایەتییەکان , بە دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات . سالانێکی دوورودرێژە بووە بە زانستی هێنانی کۆمۆنیستەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات . مارکسیزم زانستی پاشکۆ پێکردنی ئازادییەکانی مرۆڤە , بۆ ڕابەرە کۆمۆنیستەکان . زانستی وەلانانی ئازادی هەڵسووڕانی تاکایەتییە . زانستی وەلانانی لاوازیی سێنترالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتییە . زانستی لە قاڵبدانی ئازادییە لە بیرکردنەوەدا . زانستی هێنانی چاکسازی ئابوورییە . مارکسیزم , لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە کە لە لایەن مارکس و ئەنگلس ەوە هاتووە , ناکۆك بووە بە ئامانجە بنەڕەتییەکانی مارکس کە ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی بووە لە دەست هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك . هەموو ڕەخنەیەکی شۆڕشگێڕانە لە مارکسیزم , یەکانگیر بوونە لەگەڵ ئامانجە مرۆییەکانی مارکس دا . هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مارکس , والا کردنی دەرگایە بە ڕووی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتیدا . دەوڵەمەند کردنی مارکسیزم لە هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزم خۆیدایەتی . هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزم , یانی ڕاست کردنەوەی هەڵەیەك کە مارکس بۆ کەیشتن بە ئامانجەکانی , تێی کەوتووە . سەرلەبەری بنەما فکرییەکانی مارکسیزم لە یەکەم ڕۆژی خەباتی چینایەتییەوە تا گەیشتن بە کۆمۆنیزم , هەڵەیە . هەڵە بوونی داڕشتنە تیۆرییەکانی خەباتی چینایەتی , بۆ گەیشتن نییە بە کۆمۆنیزم , بەڵکو هەڵە بوونی ئەو تیۆرییە لەویادایە کە بە کۆمۆنیزم ناگات . هەڵە بوونی ئەو تیۆرییە لەویادایە کە ناتوانێت هەڵپێچانی کاری کرێگرتە ساغ بکاتەوە . هەڵە بوونی ئەو تیۆرییە لەویادایە کە ناتوانێت دەسەڵاتی حوکومەتی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان لە سۆشیالیزمدا , هەڵبوەشێنێتەوە . هەڵە بوونی ئەو تیۆرییە لەویادایە کە لە یەکەم ڕۆژی خەباتی چینایەتییەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات , فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی

دەسەڵات دانانێت . مارکسیزم دەوڵەمەند ناکرێت , تا هەموو بنەما فکرییەکانی بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم , هەڵنەتەکێنرێت . کۆمۆنیستەکان , ئێستا ئیتر بە هیچ شێوەیەك نە شۆڕشگێڕن و نە دەشتوانن شۆڕشگێڕ بن . کۆمۆنیستەکان , ئێستا ئیتر لە هەندێك دەستە و تاقم و حزب و ڕێخراوێکی ڕیفۆرمیستانە زیاتر , ناتوانن شتێکی دیکە بن . ئێستا ئیتر ئەو مرۆڤە دەسەڵاتخواز و عەقڵسالار و تاکە تایبەتانەن کە بەشدارن لە مانەوەی سەرمایەداریدا . ئەو کەسانەن کە سەرمایەداری ڕاودەنرێت , لە بەرگی دەوڵەتی کرێکاریدا دەیگەڕێننەوە . لەوانەیە ئەو ڕەخنەیە لە من بگیرێت , کە بۆ مارکسیزم ڕەت دەکەمەوە , لە کاتێکدا کە مارکسیزم شۆڕشگێڕانەترین تیۆرییە بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی ؟ لە وەڵامدا منیش پێداگرم لە سەر ئەو دەورە شۆڕشگێڕانەیەی کە مارکسیزم دەیگێڕێت بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , بەڵام هەر لە دووتوێی مانەوەی سێ سیستەمەکەدا " دەسەڵاتداریێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاری " ئەم خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەکات . واتە مارکسیزم تیۆرییەکی شۆڕگێڕانەیە و زانستی ڕزگارییەخشی مرۆڤایەتییە لە مەیدانی دەسەڵاتداریێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاریدا . من لاریم لەمە نییە . ئەوەی من بە شوێنیەوەم و مارکسیزمی لێوە دەدەمە بەر ڕەخنە , تێڕوانینمە لە دەرەوەی ئەو سێ سیستەمەوە . من دەڵێم مارکسیزم چەند شۆڕشگێڕ بێت , ناتوانێت لە بازنەی ئەو سێ سیستەمەدا , لە ڕیفۆرم زیاتر کارێکی تر بۆ مرۆڤایەتی بکات . ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , پەیوەستە بە نەمانی ئەو سێ سیستەمەوە . خەبات لە ناو ئەو سێ سیستەمەدا , با ڕادیکالترین خەباتیش بێت , لە چاکسازی زیاتر بەرهەمێکی دیکەی نابێت . ئا لێرەدایە , لەم دوو مەیدانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەدایە , کە دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ مارکسیزم دروست دەبێت . من دەڵێم مارکسیزم بهێنەرە ئەمدیو سێ سیستەمەکەوە دەتوانێت مرۆڤایەتی ڕزگار بکات , بەڵام لە ناو سێ سیستەمەکەدا چەوساندنەوە دروست دەکات . ئاخر گرفتەکە لەویادایە کە مارکسیزم زانستی ناو سێ سیستەمەکەیە نەك هی دەرەوەی ئەو سێ سیستەمە . مارکسیزم ناتوانێت بێتە ئەمدیوی ئەم سێ سیستەمەوە هەتا بنەما فکرییەکانی خۆی هەڵنەتەکێنێت . هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی مارکسیزم , بۆ گەیشتنە بە کۆمۆنیزم . ئەو بەڵێنەی کە مارکسیزم دەیدات بە مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم , هەمان بەڵێنی ئایینەکانی جیهانە بۆ گەشتن بە بەهەشت . تەنیا جیاوازییەك کە لە نێوان ئایینەکان و مارکسیزمدا , لەم ڕووەوە هەیە , ئەوەیە کە مارکسیزم بەهەشتەکەی لە ئاسمانەوە , بە خەیاڵ , هێناوەتە سەر زەوی . چەقی ئەم خەیاڵپڵاوییە لە مارکسیزمدا , ڕێك لە قۆناغی سۆشیالیزمدایە . کۆمەڵگای سۆشیالیستی , کۆمەڵگای ئاوا بوونی خۆری مارکسیزمە . کۆمەڵگای بنبەست بوونی ئامڕازەکانی خەبات کردنیەتی . کۆمەڵگای پیادە کردنی دوایین وانەکانی تیۆرییە شۆڕشگێڕانەکەیەتی . کۆمەڵگای دەست پێکردنەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە . کۆمەڵگای بەهێز کردنەوەی سێنترالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتییە . کۆمەڵگای سۆشیالیستی , ترۆپکی ڕیفۆرم و خاڵی یەکپێگرتنەوەی سیستەمە لەبەریەکترازاوەکەی سەرمایەدارییە . سەرمایەداری لە سۆشیالیزمدا لە ناو ناچێت و بەرەو لەناوچوونیش ناڕوات . سەرلەبەری گۆڕانکارییەك کە لەم ڕووەوە ڕوو دەدات , جێگرتنەوەی بازاڕی ئازادە بە بازاڕی کۆنترۆڵ کراو . جێگرتنەوەی سەرمایەدارانی بازاڕی ئازادن بە سەرمایەدارانی دەوڵەتی . جێگرتنەوەی ئەو تێکچوونەی بازاڕی ئازادە بە بەرنامە ڕێژییەکی داسەپاوی دەوڵەتییانە . کۆمەڵگای سۆشیالیستی هەرچەندە لە دید و بۆچوونی مارکس ەوە دەبێت کۆمەڵگایەکی ڕاگوزار بێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی , کەچی بە پێی بەرنامەڕێژی خەباتی چینایەتییانەی مارکس خۆی , دەبێت بە کۆمەڵگایەکی گەڕاوە بۆ سەرمایەداری . یانی سۆشیالیزمی ڕاگوزار دەبێت بە سۆشیالیزمی گەڕاوە . گرێکوێرەی ئەم بابەتە , نەبوونی فاکتەری هەڵوەشاندنەوەیە لە حوکومەتی کرێکاریدا . نەبوونی یەکسانییە لە دەسەڵاتدا . نەبوونی ئازادی هەمەلایەنەی هەڵسوڕانی یکسانانەی مرۆڤەکانە . نەبوونی سیستمی بەرهەڵستکارانەی چەوساندنەوەی تاکە بۆ کۆمەڵ . نەبوونی بەرنامەی هەڵپێچانی تاکی تایبەتە . گرفتی مارکسیزم وەکو تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , گرفتی چەق بەستنیەتی لە کۆمەڵگای سۆشیالیستی و دواییش ناچار بوونی گەڕانەوەیەتی بۆ سەرمایەداری , بەڵام گرفتی کۆمۆنیستەکانی ئەمڕۆ , لە بنەڕەتدا , ئەوەیە کە مارکسی نین .

ماویەتی